**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ١٢١٩١ لە ٢٠٢٣/١٠/١١**

**ڕێنمایی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٣**

پاڵپشت بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٦٩٦) لە ٢٠٢٣/٥/٣١ کۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە (٨٧) لە ٢٠٢٣/٨/٢٩ تایبەت بە (کرێی کاری ڕۆژانە) بڕیاردرابە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە :-

١- کارکردن بەکرێی کاری ڕۆژانە تەنها بۆ کاروباری خزمەتگوزاری دەبێت وەک (بەردەست ، باغەوان ،پاککەرەوە ، پاسەوان ، کرێکار ، کارپێکەری مۆلیدە ، ئیشپێکەری ترومپا ، شوفێر ، کارەباچی ، پیشەیی) بەبێ ڕەچاوکردنی بڕوانامە نابێت هیچ کارێکی تریان پێ بسپێردرێت

٢- کارکردن بەکرێی کاری ڕۆژانە تەنها لە سەر پێشینەی بەردەوامی مانگانەی دام و دەزگاکانی حکومەت دەبێت و نابێت بۆ ئەم مەبەستە داوای زیادکردنی پێشینەی مانگانە بکەن .

٣- ئەو کرێیەی دەدرێت بەرامبەر ڕۆژانی کاری کردەیی (فعلی) و نابێت لە مانگێکدا لە (٢٢) ڕۆژ زیاتر بێت هەر ڕۆژێک ئامادە نەبێت کرێی ئەو ڕۆژەی لێ دەبڕێت ، وە نابێت کرێی هەر ڕۆژێک لە بڕی (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار زیاتر بێت .

٤- کارکردن بەکرێی کاری ڕۆژانە کۆتایی دێت بەکۆتا هاتنی ئەو کارە خزمەتگوزارییەی پێیان دەسپێردرێت .

٥- ڕەزامەندی دان و نوێ کردنەوە لە جێدانان ئەو کەسانە لە سەر پێشینەی بەردەوامی مانگانە کاردەکەن لە دەسەڵاتی وەزیری دارایی وئابووریدا نووسراوەکانتان ئاراستەی وەزارەتمان / بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری بکرێت جگەلە حاڵەتەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ، بەجۆرێک بە هەمان ناونیشان و بۆ هەمان کار بێت وە بەشێوەی کارکردنی ڕۆژانە نەوەک هاوشێوەی فەرمانبەری گرێبەست .

٦- لە کاتی دەرچوونی ڕەزامەندی دانانیان دەبێت جۆری کارەکە و ماوەکەی دیاری بکرێت .

٧- ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەبێت بەسەر ئەو کارکردنە ڕۆژانانەی دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە ڕەزامەندییان لە سەر دەدرێت .

٨- بۆ حاڵەتەکانی پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە پێویستە وەک خۆی نوێکردنەوە و لە جێدانانیان بۆ بکرێت ، جگە لە حاڵەتەکانی لە جێدانانیان لە سەر داهات کە بە ڕەچاوکردنی بڕگەی (دووەم)ی ئەم ڕێنماییە ڕاگیراوە .

٩- ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**